حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی – هەولێر

فاکەڵتی یاسا – بەشی یاسا

# بنەمای یاسایی ڕاگەیاندنی مایە پوچبوونی بازرگان لە یاسای بازرگانی عێراقی

ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لەتەواوکاریەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەیاسای گشتی پێشکەش بە فاکەڵتی یاسا لەزانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی کراوە.


**قوتابی:**

**ڕەیان لزگین ڕەمزی**

**ڕەیان ئازاد ئەحمەد**

**بەسەرپەرشتی :** أ.م.د.عبدالباسط کریم مولود


1444-1445ك

2022-2023

قال تعالى:

بسم الله رحمان الرحيم

﴿ وَفِي ذَلك فَلْيَتَنافَسِ الْمُتَنافِسُون ﴾

المطففين:26

**پێشکەشکردن :**

- پێشکەشی دایك و باوکی ئازیزمانی دەکەین.
- پێشکەش بە دکتۆر ( أ.م.د. عبدالباسگ کریم مولود ) دەکەیە کە بەڕاستی هیلاك بوو لەگەڵمان وە هیوادارین جێگەی ڕەزامەندی جەنابیان بێت.
- پێشکەشی هاورێ و هەرکەسێکمانی دەکەین کە یارمەتی دەرمان بووە.
- پێشکەشی مەکتەبەی گشتی زانکۆکەمانی دەکەین.

**سوپاس و پێزانین :**

- سوپاسی دایك و باوکی ئازیزمان دەکەین کە وەك هەمیشە پالپشت و هاوکارمان بوون لە تەواوکردنی توێژینەوەکەمان.
- سوپاس و پێزانینمان بۆ هەوڵەکانی دکتۆر ا.م.د عبدالباسگ کریم مولود کە هەر لە سەرەتاوە هەم وەك سەرپەرشتیار هەم وەك یارمەتیدەری سەرەکی لەگەڵمان بوو.
- سوپاسی مامۆستا بەرێزەکا نمام دەکەم کە یارمەتی دەری سەرەکیمان بووە.

# توێژەران

## کورتە

ئامانجی سەرەکی لە ڕێکخستنی حوکمەکانی مایەپوچبوون و جێبەجێکردنی لەسەر بازرگان بریتیە لە پاراستنی خاوەن قەرزەکانی و بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوانیان، ئەمەش لەڕێگەی پارێزگاریکردن لە سامانەکەی و ڕێگریکردن لەوەی دەریبهێنێت لە دڵنیایی گشتی خاوەن قەرزەکانی.

وە بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە یاسادانەر ژمارەیەك لە ئامرازی بەکارهێناوە بۆ ڕاگرتنی قەرزدار و وابکات بە چاکی هەڵس و کەوت بکات، وە نەچێتە ناو تەوژمی مامەڵەی بازرگانی و ئەنجامدانی گرێ بەستی وەهمی ئەمەش ببێتە هۆی زیانگەیاندن بەخۆی و خاوەن قەرزەکانی. بۆیە یاسادانەری عێراقی شوێنەواری یاسایی ڕێکخستووە لەدوای دەرچوونی حوکمی مایەپوچبوونی پەیوەست بە کەسی قەرزدار، هەرچەندە هەندێك لەو شوێنەوارانە ڕوخسارێکی دارایی نیە بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ پارێزگاریکردن لە سامانی خاوەن قەرزەکان وە ڕێگری دەکات لە بەهەدەردانی مافی خاوەن قەرزەکان و یاخود هەوڵبدات لەدەستی بدات.

## ناوەڕۆك

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی** | 1 |
| **باسی یەکەم / مانای مایەپوچبوون و جۆرەکانی** | 4 |
| **بەشی یەکەم/ مانای مایەپوچبوون** | 4 |
| **بەشی دووەم/ جۆرەکانی مایەپوچبوون** | 7 |
| **باسی دووەم/ مەرجەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگان و شوێنەواری حوکمەکەی** | 10 |
| **بەشی یەکەم/ مەرجەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون** | 10 |
| **لقی یەکەم/ مەرجە بابەتیەکان** | 11 |
| **لقی دووەم/ مەرجە شێوەییەکان** | 14 |
| **بەشی دووەم / شوێنەواری حوکمی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگان** | 17 |
| **لقی یەکەم/ شوێنەوارەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون سەبارەت بە کەسی مایەپوچبوو** | 17 |
| **لقی دووەم/ شوێنەوارەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون سەبارەت بە خاوەن قەرزی کەسی مایەپوچبوو** | 20 |
| کۆتایی | 22 |
| **دەرئەنجامەکان** | 22 |
| **ڕاسپاردەکان** | 23 |
| **سەرچاوەکان** | 24 |

# پێشەکی

بازرگانی بریتیە لە دەماری ژیانی هەر کۆمەڵگەیەك، وە بە سەرچاوەی یەکەمی سامان و بوژانەوە دادەنرێت لە هەر کۆمەڵگەیەك بۆیە یاسای تایبەتی بۆ داندراوە. وە پارێزگاری یاسایی بۆ دانراوە بەو هۆیەی کە سامان دەماری ژیانە وە هۆکارە بۆ پێشکەوتنی نەتەوەکان لە لایەنی ئابووری. بۆیە یاسادانەر ڕێسای تایبەتی داناوە بۆ پاراستنی مافی خاوەن قەرزار لەبەر ئەوەی متمانەی بە قەرزار داوە. هەر بۆیە سیستەمی مایەپوچبوونی داناوە کەوا جێ بەجێ دەکرێت لەسەر ئەو بازرگانانەی کەوا دەوەستن لە دانەوەی قەرزە بارزگانیەکانیان.

مایەپوچبوون ئامرازێکە لە ئامرازەکانی جێبەجێکردن لەسەر قەرزار، وە ئەو سیستەمە جێبەجێ ناکرێت تەنها لەسەر چینێکی دیاریکراوی خەڵك ئەوانیش چینی بازرگانن، وە سەبارەت بە جۆرێکی دیاریکراو لە قەرز بریتیە لە قەرزی بازرگانی. کاتێك کەوا دەسەلمێندرێت بازرگانێك دەوەستێ لە دانەوەی قەرزە بازرگانیەکانی یاخود سەلمێندرا کە ئامرازی نا شەرعی بەکاردەهێنێت بۆ پاڵپشتی متمانەی دارایی و پاڵپشتی بازرگانی، لەو کاتەدا خاوەن قەرزەکانی دەتوانن پەنا ببەنە بەر جێ بەجێ کردنی مایەپوچبوون لەسەر سامانەکەی لەڕێگەی دادگاوە ئەمەش لەڕێگەی داواکردنی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی.

## کێشەی توێژینەوە:

لەکاری بازرگانی زۆر جار بازرگان تووشی حاڵەتی بێ توانایی دەبێت لە دانەوەی قەرزەکانی، بۆیە لەو حاڵەتە پێویست بە ڕاگەیاندنی مایەپووچ بوونی دەکرێت. بەهۆی ئەو گرفتانەوە گرنگە کەوا هەڵوەستە بکەین لەسەر ئەو بابەتە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین لە سەرجەم لایەنەکانی چونکە حاڵەتی مایەپوچبوون مەترسیدارە لە ژیانی بازرگان بەتایبەت دەرکەوتەکانی پەیوەندیدار بە نەدانەوەی قەرزەکان بەهۆی جۆراوجۆر.

## ئامانجی توێژینەوە :

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە باسی بابەتی مایەپوچبوون بە گشتی و ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون بکات بە تایبەتی لە یاسای بازرگانی عێراقی، وە ئەو لێکەوت و شوێنەوارانەی کەوا لێی دەکەوێتەوە. هەروەها بۆ بەهێزکردنی زەمانەتی قەرزدارەکان و جێ بەجێ کردنی یەکسانی لە نێوانیاندا وە مافەکانیان وەربگرنەوە لە بازرگان کە مایەپوچبوو دەبێت بە یەکسانی.

## گرنگی توێژینەوە :

گرنگی ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەی گرتووە لەو گرنگیەی کەوا کاری بازرگانی هەیەتی لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا، وە ئەو پێشکەوتنە ئابووریە گەورە و خێرایەی کەوا لە جیهاندا ڕوو دەدات بووە بە هۆی دەرکەوتنی زۆر دیاردە و ڕێگر لە دیارترینیان حاڵەتی مایەپوچوونی بازرگانە، بۆیە گرنگی ئەو توێژینەوەیە لە خستنەڕوو و باسکردنی بابەتی مایەپوچبوون و ڕاگەیاندنی مایەپووچی بازرگانە لە یاسای بازرگانی عێراقی و دیاریکردنی ئاکامەکانی لەسەر خاوەن قەرزەکان.

## بەرنامە و پەیکەری توێژینەوە :

ئەم توێژینەوەیە بەرنامەی شیکاری و وەسفی و بەراوردکاری بەکارهێناوە بۆ قسەکردن و باسکردنی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگان لە یاسای بازرگانی عێراقی.

وە ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە:

باسی یەکەم / مانای مایەپوچبوون و جۆرەکانی

بەشیی یەکەم/ مانای مایەپوچبوون

بەشی دووەم/ جۆرەکانی مایەپوچبوون

باسی دووەم/ مەرجەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگان و شوێنەواری حوکمەکەی

**بەشی یەکەم/ مەرجەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون**

**لقی یەکەم/ مەرجە بابەتیەکان**

**لقی دووەم/ مەرجە شکلیەکان**

**بەشی دووەم/ شوێنەواری حوکمی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگان.**

**لقی یەکەم/ شوێنەوارەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون سەبارەت بە کەسی مایەپوچبوو**

**لقی دووەم/ شوێنەوارەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون سەبارەت بە خاوەن قەرزی کەسی مایەپوچبوو**

## باسی یەکەم

## ماناى مايەپوچبوون و جۆرەكانى

مايەپوچبوون سيستەمێكە جێبەجێدەكرێت تەنها لەسەر ئەوانەى كە چالاكى بازرگانى ئەنجام دەدەن ياخود بازرگان، وە مايەپوچبوون ئامرازێكى تايبەتە بۆ جێبەجێكردن لەسەر قەرزە بازرگانيەكان كەوا دەكرێ لەرێگەيەوە سامانى ئەو بازرگانە پاكتاو بكرێت كەوا وەستاوە لە داناوەى قەرزە بازرگانيەكانى بە پاكتاوكردنێكى بە كۆمەڵ بە مەبەستى دابەشكردنى ئەو سامانەى هەيە بە شێوەيەكى يەكسان بەسەر خاوەن قەرزەكان [1]، هەوڵ دەدەين لەو بەشە ماناى مايەپوچبوون بخەينە ڕوو وپێناسەى بكەين، و ڕێوشوێنەكانى ڕاگەياندنى مايەپوچبوون باس بكەين، لە دوو باسى جياواز، بە شێوەيەك لە باسى يەكەم ماناى مايەپوچبوون دەخەينە ڕوو وە لە باسى دووەم باسى جۆرەكانى مايەپوچبوون دەكەين بەو شێوەيەى خوارەوە:

## بەشى يەكەم

### ماناى مايەپوچبوون

لە بڕگەى (١) ى مادە (٥٦٦) لە ياساى بازرگانى عێراقيدا هاتووە كە : (هەر بازرگانێك لە دانەوەى قەرزەكانى وەستا وا دادەنرێت كەوا لە حاڵەتى مايەپوچبووندايە وە مايەپوچبوونەكەى ڕادەگەيەنێت بە حوكمێك كەوا لەو بارەوە دەردەچێت)[2].

(1) - د. باسم محمد صالح، القانون التجاري، القسم الأول، المكتبة القانونية، بغداد، بدون سنة نشر، لا 40.

(2) - ياساى بازرگانى عێراقى ژمارە (149)ى ساڵى 1970ى هەڵوەشاوە، بە هەڵاوێردنى ئەو دەروازەى باسى حوكمەكانى مايەپوچبوون و پێكهاتنى ناچارى دەكات (مادەكانى 566–791) بەپێى مادە 331يەكەم لە ياساى بازرگانى عێراقى ژمارە 30 ساڵى 1984، وە لە هەمان مادەى ئاماژەپێكراو ياسادانەرى عێراقى داواى كردووە ياسايەكى تايبەت بە ڕێكخستنى (الاعسار) دەربچێت واتە (الاعسار+مايەپوچبوون) لەخۆبگرێت.

وه لـه ماده (٥٥٠) ی یاسای بازرگانی میسریدا هاتووه که: (لـه حاڵەتی مایەپوچبوون دادەنرێت هەر بازرگانێك پابەند بێت بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایه بە گرتنەخۆی دەفتەری بازرگانی، ئەگەر وەستا لـە دانەوەی قەرزە بازرگانیەکانی بەهۆی کارە داراییەکانی[1].

چەند هەوڵێك هەبووە لـەلایەن هەندێ لـە فوقەها و یاسادانەران سەبارەت بە دانانی پێناسەیەك بۆ مایەپوچبوون، هەندێ لـەوانە وایدەبینن کەوا بریتیە لـە : (سیستەمێك کەوا جێ بەجێ ناکرێت تەنها لـەسەر ئەوانە نەبێت کەوا کاری بازرگانی ئەنجام دەدەن یاخود بازرگان[2]، وە ئامرازێکی تایبەتە بۆ جێ بەجێ کردن لـەسەر قەرزە بازرگانیەکان کەوا دەتواندرێت لـە ڕێگەیەوە ئەو سامانەی بازرگان پاکتاو بکرێت کەوا ڕاگیراوە لـە دانەوەی قەرزە بازرگانیەکانی بە پاکتاوکردنێکی بە کۆمەڵ بە مەبەستی دابەشکردنی ئەو سامانەی کەڵەکەبووە لـەو پاکتاوکردنە لـەسەر خاوەن قەرزەکان بە شێوەیەکی یەکسان بۆ ئەوەی کەس پێش کەس نەکەوێت لـە جێ بەجێ کردن لـە سامانی قەرزار وە وەرگرتنەوەی مافەکانیان)[3].

پێناسەیەکی تری مایەپوچبوون ئەوەیە کە: بریتیە لـە سیستەمێك بۆ جێ بەجێ کردنی بە کۆمەڵ لـەسەر سامانی قەرزاری بازرگان، کەوا دەستەوەستانە لـە دانەوەی قەرزە بازرگانیەکانی لـە کاتی دانەوەی خۆی، وە مەبەست لـێی پاکتاوکردنی سەرجەم ئەو سامانەیە وە فرۆشتنی و دابەشکردنی نرخەکەی بۆ دانەوەی قەرزەکانی، بەپێی ڕێوشوێنێك کە ئامانجی یەکسانی بێت لـە نێوان خاوەن قەرزەکان[4].

(1) - یاسای بازرگانی میسری ژمارە (17)ی ساڵی 1999.

(2) - م. عبدالجبار علي محمد، إشهار إفلاس الشركة وآثاره القانونية في القانون العراقي، بحث منشور في مجلة كلية التراث الجامعة، العدد العاشر، العراق، بێ ساڵی بلاْوکردنەوە، لا6.

(3) - م. عبدالجبار علي محمد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 7.

(4) - عمر موسى أحمد الشبول، آثار الافلاس على حقوق الدائنين، رسالة ماجستير، كلية الحقوق، قسم القانون الخاص، جامعة الشرق الأوسط، 2015، لا22.

مایەپوچبوون بەو جۆرەش پێناسە کراوە کە: بریتیە لـە سیستەمێکی تایبەت بە بازرگانی، داندراوە بە مەبەستی پاڵپشتی دڵنیایی بازرگانی[1].

لـەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین مایەپوچبوون بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە بکەین: (بریتیە لـە حاڵەتێك لـەو حاڵەتانەی کەوا بەسەر کەسی بازرگان دێت لـە ژیانی بازرگانیدا، خۆی دەبینێتەوە لـەوەی بازرگان توانای نامینێت ئەو قەرزانەی بداتەوە کەوا لـەسەری کەڵەکەبوون بۆیە ناچار بەوە دەبێت ئەو مایەپوچبوونە ڕابگەیەنێت بە دەرچوونی حوکمێك لـەو بارەیەوە).

(1) – د. مصطفى كمال طه، أساسيات القانون التجاري، الطبعة الأولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، 2006، لا 113.

## باسی دووەم

## جۆرەکانی مایەپووچبوون

جۆرەکانی مایەپوچبوون بە گشتی لەو چەند جۆرەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

**١ – مایەپوچبوونی ڕاستی:** هەروەها (مایەپوچبوونی سادە)شی پێ دەگوترێت، ئەو جۆری مایەپوچبوونەیە کەوا دێتەدی بەهۆی بارودۆخێك کە لە دەرەوەی ویستی بازرگانە بەبێ بوونی کەمتەرخەمی لە پاراستنی بازرگانی و سامانەکەی، وەکو دروست بوونی ڕووداوێك کە لەدەرەوەی دەستی مرۆڤ بێت (القوة القاهرة) موڵکەکانی تێك بدات. یاخود بکەوێتە حاڵەتی مایەپوچبوون بەهۆی ئاوەژوبوونی نرخەکانی بازاڕ (ڕوودانی قەیرانێکی ئابووری) وە بارودۆخەکەی تا ئەو ڕادەی نەتوانێت قەرزەکانی بداتەوە[1].

هەروەها وەکو بەرپابوونی جەنگ یاخود مایەپوچبوونی شارستانی یاخود شوێنە بازرگانیەکەی تووشی دزیکردن یان سووتان ببێتەوە[2].

**٢ – مایەپوچبوونی کەمتەرخەمی:** ئەو مایەپوچبوونەیە کەوا دروست دەبێت لە ئەنجامی زێدەڕۆییکردنی بازرگان لە خەرجییەکانی خۆی بەجۆرێك کە پێچەوانەی بارودۆخ و سامانەکەی بێت، یاخود بازرگان بچێتە ناو پرۆسە یاخود مامەڵەیەك کە مەترسی و بەختی تێدابێت کە ببێتە هۆی ئەوەی بازرگانەکە نەتوانێت قەرزەکانی بداتەوە، هەروەها شاردنەوەی حاڵەتی بێ توانایی لە دانەوەی قەرزەکانی وە هەوڵی ئەوە بدات تێی بپەڕێنێت بە پرۆسەی قەرزکردن لە پێناو دواخستنی ڕاگەیاندنی مایەپوچوونەکەی و بەردەوام بوونی لە کاری بازرگانی.

---

(١) – د. خالد عبدالعزيز الرويس، طبيعة الافلاس وشروط الحكم به، بحث منشور في مجلة البحوث القانونية والاقتصادية، السعودية، بێ ساڵی بلاوکردنەوە، لا 22.

(٢) – د. عاطف محمد الفقي، الافلاس، دار النهضة العربية، القاهرة، 2008، لا 6.

دەربارەی هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لە مادە (٤٦٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 هاتووە : (بە مایەپوچبووی کەمتەرخەم دادەنرێت وە بە بەندکردن سزا دەدرێت بۆ ماوەیەك کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت هەر بازرگانێك حوکمی کۆتایی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی دەرچووبێت، و بەو کەمتەرخەمیەی زیانی بە خاوەن قەرزەکانی گەیاندبێت)[1].

بازرگانی مایەپوچبوو بە حاڵەتی کەمتەرخەمی دادەنرێت لە یەکێك لەو حاڵەتانەی خوارەوە:

یەکەم: ئەگەر هاتوو خەرجی کەسی و ماڵەوەی بەرز بوو بە بەراورد بە داهاتی.

دووەم: ئەگەر هاتوو بڕێکی زۆر پارەی لە قومارکردن یان یانەسیب خەرج کرد.

سێیەم: ئەگەر هاتوو کەل و پەلێکی کڕی بۆ ئەوەی بە نرخی کەمتر لە نرخی خۆی بیفرۆشێتەوە یاخود پارەی قەرزکرد یان وەرەقەی دارایی دەرکرد یان ڕێگایەکی تری بەکارهێنا کە ببێتە زیانێکی زۆر بۆ ئەوەی پارەی دەستبکەوێت تاوەکو ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونەکەی دوابخات.

پێنجەم: ئەگەر لەگەڵ خاوەن قەرزەکانی گەیشتە ڕێککەوتن بە ڕێگەی فێڵکردن[2].

**٣– مایەپوچبوونی بە فێڵکردن:** ئەو مایەپوچبوونەیە کەوا دروست دەبێت بە ویستی بازرگان بە مەبەستی ئەوەی بە ئەنقەست زیان بگەیەنێت بە خاوەن قەرزەکانی بە بەکارهێنانی فێڵ و تەڵەکەبازی بۆ شاردنەوەی سامانەکەی لەبەر چاویان، یان گواستنەوەی موڵکداریەتییەکەی، یاخود بانگەشە بکات بە درۆ بەوەی کە قەرزارە بە بڕە پارەیەکی زۆر کە لە ڕاستیدا وانیە، یاخود ڕێگای تری فێڵکردن بە ئامانجی ئەوەی سامانەکەی بشارێتەوە لەبەر

---

(1) – یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969.

(2) – سردار عزيز خوشناو، قانون العقوبات العراقي، مؤشر فيه جميع التعديلات النافذة في اقليم كوردستان، اربيل، 2011، لا 300.

چاوی خاوەن قەرزەکانی [1]. هەروەها وەك شاردنەوەی دەفتەری بازرگانی یاخود لەناوبردنی، یان گۆڕینی بەشێك لە قسەکانی یان زێدەڕۆییکردن لەو قەرزانەی کەوا دانی پێداناوە و لە ئەستۆیەتی.

جیاوازی کردن لەنێوان جۆرەکانی مایەپوچبوون گرنگیەکەی تەنها لە سزا خۆی نابینێتەوە بەڵکو ئەگەر کەسێك یەکێك لە تاوانەکانی مایەپوچبوون ئەنجام بدات– فێڵکردن– کەمتەرخەمی– ناتوانێت داوای ئاشتەوایی پارێزی بکات (الصلح الواقی) بەڵکو مایەپوچبوونەکەی ڕادەگەیەنێت[2].

(1) – د. خالد عبدالعزیز الرویس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 23.

(2) – مادە (743) لە یاسای بازرگانی عێراقی، ژمارە (149)ی ساڵی 1970 هەڵوەشاوە.

## باسی دووەم

## مەرجەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون و شوێنەواری حوکمدانی

بۆ ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگان مەرجە حوکمێك دەرچوو بێت لەو بارەیەوە[1]. وە ئەو ڕاگەیاندنە چەند شوێنەوارێکی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەو بەشە دابەش بکەین بۆ دوو باسی جیاواز، کە لە باسی یەکەم باسی مەرجەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون دەکەین، وە لە باسی دووەم باسی ئەو شوێنەوارانە دەکەین کەوا لە ڕاگەیاندنەکە دەکەوێتەوە، بەو شێوەیەی دادێ:

## بەشی یەکەم

## مەرجەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون

بۆ ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون چەند مەرجێك هەیە کەوا پێویستە هەبن تاوەکو مایەپوچبوون ڕابگەیندرێت، کە ئەوانیش مەرجی بابەتی و مەرجی شێوەیین (شکلی)، بە دوو لق باسی هەردوو جۆری مەرجەکان دەکەین، لە لقی یەکەم باسی مەرجی بابەتی دەکەین وە لە لقی دووەم باسی مەرجی شێوەیی دەکەین، بەو شێوەیەی خوارەوە:

---

(1) – د. صلاح الدين الناهي، الوسيط في شرح القانون التجاري العراقي، الجزء الأول، الطبعة الثالثة، بغداد، 1953، لا 318.

## لقی یەکەم

## مەرجە بابەتییەکان

**یەکەم: سیفەتی بازرگان:**

لەبەر ئەوەی مایەپوچبوون سیستەمێکی تایبەتە بە بازرگان بۆیە مەرجە ئەو کەسەی داوای ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون دەکات سیفەتی بازرگانی هەبێت[1].

لە بڕگە (یەکەم)ی مادە (٧)ی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (30) ساڵی 1984بەو شێوەیە پێناسەی کەسی بازرگانی کردووە: (بە بازرگان دادەنرێت هەر کەسێکی سروشتی یاخود واتایی بە ناوی خۆی و ئەژماری خۆی بە شێوەی پیشەگەرانە کارێکی بازرگانی بکات بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە)[2].

وە مەرجە ئەو بازرگانەی مایەپوچبوونی ڕادەگەیەنێت خاوەن ئەهلیەی بازرگانی بێت، وە ناکرێت مایەپوچبوونی ناکام ڕابگەیەندرێت ئەگەر هاتوو ڕێگەپێدراو نەبوو بە ئەنجامدانی کاری بازرگانی[3].

---

(1) – بڕگەی یەکەم لە مادە (566) لە یاسای بازرگانی عێراقی هەڵوەشاوە، هەروەها بڕوانە عمر موسى أحمد الشبول ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 20.

(2) – یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (30)ی ساڵی 1984.

(3) - د. نادیە فضیل، الإفلاس والتسوية القضائية في القانون الجزائري، الطبعة الثانية، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، بێ ساڵی بلاوکردنەوە، لا 13.

ناكرێ مایەپوچبوونی ئەو دامەزراوانە ڕابگەیەندرێت کەوا دروست بووە بۆ مەبەستی قازانج نەکردن، وەکو کۆمەڵەکان و دامەزراوەکانی کەوا ئامانجیان مەبەستی ئایینیە یان زانستیە یان هونەری یان وەرزشی یاخود بۆ هەر کارێکی تری چاکە یاخود سوودی گشتی، لەبەر ئەوەی کارەکانی بە کاری بازرگانی دانااندرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەو دامەزراوانە لایاندا لە مەبەستی دروستبوونیان وە پڕاکتیزەی کاری بازرگانی کرد، ئەوا دەکرێ مایەپوچبوونی ڕابگەیەندرێت بە مەرجێك کەسایەتی واتایی هەبێت[1].

لەسەر بنەمای ئەو مەرجە، وەستانی بازرگان لە دانەوەی قەرزی شارستانی ڕێگە نادات بە خاوەن قەرز داوای ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بکات، بەڵام ئەو مەرجە مانای ئەوە نیە کەوا خاوەن قەرزی شارستانی مافی نیە داوای ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگان یان کۆمپانیای بازرگانی بەرز بکاتەوە، هەربۆیە فوقەهای یاسا و یاسادانەران بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە کە خاوەن قەرزی شارستانی مافی هەبێت داوای ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی قەرزارە بازرگانەکەی بەرزبکاتەوە ئەگەر بۆی سەلمێندرا کەوا وەستاوە لە دانەوەی ئەو قەرزە بازرگانیەی لە ئەستۆیدایە[2].

**دووەم: وەستان لە دانەوەی قەرزەکان:**

بڕگەی یەکەم لە مادە (٥٦٦) لە دەروازەی پێنجەم لە یاسای بازرگانی عێراقی هاتووە کە : (هەر بازرگانێك لە دانەوەی قەرزە بازرگانیەکانی وەستا لە حاڵەتی مایەپوچبوون دادەنرێت و ڕادەگەیەندرێت بە حوکمێك کەوا لەو بارەیەوە دەردەچێت)[3].

---

[1] - أحمد محمود خليل، الافلاس التجاري والأعسار المدني، منشآة المعارف، الأسكندرية، 1987، لا 52.

[2] – د. زياد صبحي ذياب، إفلاس الشركات في الفقه الإسلامي والقانون، دار النفائس للنشر والتوزيع، الأردن، 2010، لا 160.

[3] – یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (149) ی ساڵی 1970 ی هەڵوەشاوە.

ئەگەر بازرگان لـە دانەوەی قەرزەکانی وەستا مانای وایە بازرگانەکە توانای دانەوەی ئەو قەرزانەی نیە کەوا کاتی دانەوەیان هاتووە، ئەو نەتوانینەش مانای ئەوە نیە کە قەرزار لـە حالـّەتێکدایە سامانەکەی بەشی قەرزەکانی ئێستای ناکات، لـەبەر ئەوەی بازرگان لـە دانەوەی قەرزەکانی دەوەستێت سەرەڕای دەوڵەمەندبوونی، بەوەی کە سامانەکەی لـەلای نەبێت و چاوەڕوانی هاتنی بکات، یاخود سامانەکەی عەقار بێت و فرۆشتنی زەحمەت بێت بە خێرایی، یان بەهۆی نەبوونی سیولـەی نەختینەیی یان هەر هۆکارێکی تر[1].

لـە یاسای بازرگانی میسری سالّی ١٩٩٩لـە بڕگە یەکەمی مادە (٥٥٠)دا هاتووە : (لـە حالـّەتی مایەپوچبوون دادەنرێت هەر بازرگانێك کە بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە پابەند بێت بە لـەخۆگرتنی دەفتەری بازرگانی ئەگەر وەستا لـە دانەوەی قەرزە بازرگانیەکانی لـە ئەنجامی تێکچوونی کارە داراییەکانی).

تێبینی دەکرێت کە یاسادانەری میسری بە تێگەیشتنی هاوچەرخی وەرگرتووە بۆ وەستان لـە دانەوەی قەرزەکان، تەنها نەوەستاوە بە وەستانی دارایی بەڵکو بە مەرجی داناوە کەوا تێکچوونی کارە بازرگانیەکانی بازرگانەکەی لـەگەڵ بێت[2].

وە پێویست دەکات ئەو قەرزەی هەیە هەنوکەیی بێت و بەتاڵ بێت لـە ناکۆکی، لـەبەر ئەوەی ئەگەر وەستان لـە دانەوەی قەرز بە هۆی قەرزێکی بازرگانی بوو کەوا ناکۆکی هەبوو لـەسەری ئەوا ناکرێت داوای ڕاگەیاندنی مایەچوبوونی بکرێت[3].

(1) – د. زیاد صبحي ذیاب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 165.

(2) – نوال برنوس، شروط افلاس شركات الأشخاص والآثار المترتبه عنه فی القانون الجزائري، رسالـه ماجستیر، جامعه الجزائر، كلیه الحقوق، الجزائر، 2013، لا 48.

(3) – عمر موسى أحمد الـشبول، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 21.

وه لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لە سەرەوە باسکراوە دەردەکەوێ کە یاسادانەری میسری باشتر و ڕوونتر شێوەی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی دیاریکردووە بە بەراورد لەگەڵ یاسادانەری عێراقی.

## لقی دووەم

## مەرجە شێوەییەکان

پێشتر ئاماژەمان پێدا کەوا بۆ ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگان مەرجە حوکمێك لە دادگا دەرچووبێت لەو بارەیەوە، بۆیە پێویست دەکات چەند بابەتێك بخەینە ڕوو، وەکو دیاریکردنی ئەو دادگایەی تایبەتمەندە بە دەرکردنی حوکمەکە، وە ئایا کێ مافی داواکردنی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی هەیە، وە ناوەڕۆکی حوکمی مایەپوچبوون چیە:

**یەکەم: دادگای تایبەتمەند بە ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون:**

دادگای تایبەتمەندی ناوەخۆیی تایبەت بە ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون بریتیە لەو دادگایەی کەوا دەکەوێتە شوێنی نیشتەجێبوونی قەرزار. لەبەر ئەوەی ئەو دادگایە زیاتر توانای هەیە لە دادگای تر لە خەملاندنی دۆخی دارایی قەرزار و سەرپەرشتیکردنی ڕێوشوێنەکانی پاکتاوکردنی سامانەکەی. ئەو تایبەتمەندیە پەیوەندی هەیە بە سیستەمی گشتی، وە ناکرێ ڕێککەوتن بکرێت لەسەر گۆڕینی. ئەگەر داواکە لەبەردەم دادگایەکی تر بەرزکراوە کە جیاواز بوو لە دادگای شوێنی نیشتەجێبوونی قەرزار، پێویستە لەسەری بڕیار بەوە بدات کەوا تایبەتمەندی ئەو نیە لە هەر دۆخێك بێت کەوا داواکە تێیدایە(1).

(1) - أحمد محمود خليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 64.

لە بڕگەی یەکەمی مادە (٥٧٣) ی یاسای بازرگانی عێراقیدا هاتووە کە : (بۆ ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون ئەو دادگای بەراییە تایبەتمەندە کەوا بنکەی سەرەکی شوێنی قەرزاری لێیە)[1].

ئەگەر داوالێکراو بازرگان بوو داوای مایەپوچبوون و ئەو داوایانەی لە ئەنجامی مایەپوچبوون دروست دەبن لە دادگای ناوچەی شوێنی بازرگانی کەسی مایەپوچبوو بەرز دەکرێتەوە، و ئەگەر شوێنەکانی بازرگانیکردن چەند شوێنێك بوون لە دادگای ناوچەی ناوەندی سەرەکی کارەکانی بازرگانی بەرز دەکرێتەوە[2].

ئەگەر هاتوو بازرگان شوێنی بازرگانی خۆی گۆڕی لە ماوەی سەیرکردنی داوای مایەپوچبوونەکە، ئەوا کاریگەری نابێت لەسەر تایبەتمەندی دادگاکە مادەم ئەو تایبەتمەند بووە لەکاتی پێشکەشکردنی داواکە. بەڵام ئەگەر شوێنەکەی گۆڕی لەماوەی نێوان وەستان لە دانەوەی قەرزەکان و بەرزکردنەوەی داوای مایەپوچبوون ئەوا دادگای تایبەتمەند ئەو دادگایەیە کەوا دەکەوێتە ناوچەی شوێنی بازرگانییە تازەکەی[3].

**دووەم:ئەو کەسەی مافی داواکردنی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی هەیە:**

أ- مایەپوچبوونی بازرگان لەسەر داوای خۆی یاخود لەسەر داوای یەکێك لە خاوەن قەرزەکانی ڕادەگەیەندرێت. لە برگەی (١) ی مادە (٥٦٩)ی یاسای بازرگانی عێراقیدا هاتووە کە : (پێویستە لەسەر بازرگان داوای ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بکات لەماوەی پازدە ڕۆژ لە بەرواری وەستانی لە دانەوەی قەرزەکانی. وە داواکە لە شێوەی ڕاپۆرتێکە پێشکەشی دادگای دەکات، هۆکارەکانی وەستانی لە دانەوەی قەرزەکانی تێدا ڕوون دەکاتەوە)[4].

---

(1) - یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (149) ی ساڵی 1970 ی هەڵوەشاوە.

(2)–مادەی (39) لە یاسای دادبینییە شارستانیەکانی عێراقی، بۆ زیاتر بڕوانە.. د. ئادەم وهیب نەداوی، دادبینییە شارستانیەکان، و. عبدالصمد محمد خەیلانی، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2012، لا 92.

(3) - د. نادیە فضیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 15.

-(4) یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (149) ی ساڵی 1970 ی هەڵوەشاوە.

ب– لەسەر داوای یەکێك لە خاوەن قەرزەکان:  بە گوێرەی مادە (٧١٨) ی یاسای بازرگانی عێراقی لە برِگە (أ)ی سەرەوە، بۆ هەر خاوەن قەرزێك هەیە کە قەرزێکی بازرگانی هەنوکەیی هەبێت داوای راگەیاندنی مایەپوچبوونی کۆمپانیا بکات هەتا ئەگەر تێیدا هاوبەش بێت، بەڵام ئەو هاوبەشانەی خاوەن قەرز نین رێگەیان پێنەدراوە بە سیفەتی تاك داوای راگەیاندنی مایەپوچبوون پێشکەش بکەن[1].

ج– دادگا لە خۆیەوە: یاسای بازرگانی عێراقی سەرەرای ئاماژەنەدانی بە راشکاوی بە پێدانی ماف بە دادگا بە راگەیاندنی مایەپوچبوون لەلایەن خۆیەوە راستەوخۆ، هەروەك ئەوەی یاساکانی تر کردوویانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ دەسەڵاتی پێداوە، لەوانە دواخستنی سەیرکردنی راگەیاندنی مایەپوچبوون بۆ ماوەیەك کە لە سێ مانگ تێنەپەرێت لەخۆیەوە یاخود لەسەر داوای کۆمپانیا ئەگەر هاتوو ئەگەری هەبوو پاڵپشتی دەکرد لە پێگەی داراییەکەی، وە بۆ دادگا هەیە کەوا فەرمان بکات بە گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانەی وایدەبینێت هەبووەکانی کۆمپانیا دەپارێزێت[2].

لە مادە (1/553) لە یاسای بازرگانی میسری ژمارە 17ی ساڵی 1999دا هاتووە کە : (پێویستە بازرگان لەماوەی پازدە رۆژ لە بەرواری وەستانی لە دانەوەی قەرزەکانی داوای راگەیاندنی مایەپوچبووین بکات وە داواکاریەکە پێشکەش دادگا دەکرێت و ئاماژە بە هۆکاری وەستان لە دانەوەی قەرزەکان دەدرێت ...). بەهەمان شێوە لە مادە (1/554) لە هەمان یاسادا هاتووە کە: (بۆ هەر خاوەن قەرزێکی بازرگانی هەیە کەوا بەدەرە لە ناکۆکی و کاتی دانەوەی هاتووە، داوای حوکمدان بە راگەیاندنی مایەپوچبوونی قەرزدارە بازرگانەکەی بکات.....)[3].

---

(1) – یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (149) ی ساڵی 1970 ی هەڵوەشاوە.

(2) - م. عبدالجبار علی محمد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 14.

(3)– یاسای بازرگانی میسری ژمارە (17)ی ساڵی 1999.

## بەشی دووەم

## شوێنەوارەکانی حوکمدانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون

سیستەمی مایەپوچبوون ڕێگەیەکی گشتی و بەکۆمەڵە بۆ جێەجێکردن لەسەر سامانی بازرگان کەوا وەستاوە لە دانەوەی قەرزە بازرگانیەکانی، بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجەی کەوا سیستەمی مایەپوچبوون دیاری کردووە یاسادانەر لە دەرکردنی بڕیاری ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون چەند شوێنەوارێکی خستۆتەوە، کەوا لەوانە پەیوەندی هەیە بە کەسی مایەپوچبوو وە ئەو کەسەی خاوەن قەرزی مایەپوچبووە[1]، بۆیە ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ سەر دوو لق، لە لقی یەکەم باسی شوێنەوارەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون دەکەین سەبارەت بە کەسی مایەپوچبوو، وە لە لقی دووەم باسی شوێنەوارەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون دەکەین سەبارەت بەو کەسەی خاوەن قەرزی کەسی مایەپوچبووە، بەو شێوەیە:

### لقی یەکەم

### شوێنەوارەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون سەبارەت بە کەسی مایەپوچبوو

**یەکەم: ئەگەری زەوتکردنی ئازادی کەسی:** لە بڕگەی یەکەم لە مادە 600 لە یاسای بازرگانی عێراقی ساڵی 1970 هاتووە کە : (دەکرێ دادوەری مایەپوچبوون لەخۆیەوە یاخود لەسەر داوای ئەمینی مایەپوچبوون

(1) – د. عزيز العكيلي، أحكام الإفلاس والصلح الواقي، مكتبة دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، الأردن، 1996، لا 82.

یاخود چاودێر لە هەر کاتێك کەسی مایەپوچبوو گلبداتەوە(حجز) بکات. وە مەبەست لە داننانی یاسادانەری عێراقی لەو جۆرە مافە بۆ دادوەری مایەپوچبوون بریتیە لە چاککاری لە مافی خاوەن قەرزەکان)[1].

ئەو گلدانەوەیە جیاوازە لە حەبسی جێ بەجێکردن کە ئامانجی ناچارکردنی قەرزارە بە دانەوەی قەرزەکانی کە لە لە مادە (42)ی یاسای جێ بەجێکردنی عێراقی ژمارە (45)ی ساڵی1980 هاتووە. بە مانایەکی تر حەبسی جێبەجێکردن ئامرازێکی ناچارکردنە بە پێچەوانەی گلدانەوەی کەسی مایەپوچبوو کەوا ئامرازێکی پارێزگاریە نەوەك ناچارکردن. هەروەها گلدانەوەی کەسی مایەپوچبوو بە سزا داناندرێت بۆی هەروەها جیاوازە لەو حەبسەی بڕیاری لەسەر دەدرێت بۆ ئەو بازرگانەی مایەپوچبووە بە مایەپوچبوونی فێڵکردن یان کەمتەرخەمی وەك ئەوەی لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969لە مادە (٤٦٩) هاتووە[2].

وە ئەگەر مایەپوچبوونەکەی بەهۆی کەمتەرخەمی بوو وەك لە مادە (469)ی یاسای سزادانی عێراقی ئاماژەی پێکراوە : (بە مایەپوچبووی کەمتەرخەم دادەنرێت وە بە بەندکردن سزا دەدرێت بۆ ماوەیەك کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت هەر بازرگانێك حوکمی کۆتایی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی دەرچوو‌بێت، و بەو کەمتەرخەمیەی زیانی بە خاوەن قەرزەکانی گەیاندبێت)[3].

لە مادە (524)ی یاسای بازرگانی لوبنانی ژمارە (304)ی ساڵی 1942دا هاتووە کە: (دادگا بۆی هەیە لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی بابەتی مایەپوچبوون فەرمان بکات بە ئامادەبوونی کەسی مایەپوچبوو و ڕاگرتنی. وە لەهەموو حاڵەتەکان کەسی مایەپوچبوو بۆی نیە دوور بکەوێتەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی بەبێ ئاگاداری دادوەر)[4].

(1) – بڕگەی یەکەم لە مادە 600 ی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (149)ی ساڵی (1970) ی هەڵوەشاوە.

(2) – ازاد أكرم مجيد، إشهار الافلاس وآثاره، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، 2004، لا55.

(3) – سردار عزیز خوشناو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 300.

(4) – د. سلمان بوذياب، الموجز في مبادىء ومواضيع قانون الاعمال، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان، 2002، لا 400.

**دووەم: بێبەشبوون لە مافە گشتی و پیشەییەکان:** ئەو شوێنەوارەی کەوا لە حوکمی تایبەت بە ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگانی قەرزار دەکەوێتەوە تەنها کورت نابێتەوە لە زەوتکردنی ئازادی کەسی، بەڵکو درێژدەبێتەوە تاوەکو بێبەشبوونی لە مافە گشتی و پیشەییەکان دەگرێتەوە، وەك لە بڕگەی یەکەمی مادە (602) لە یاسای بازرگانی عێراقی ساڵی 1970دا هاتووە، لەو مافانەی کەوا بازرگانی مایەپوچبوو لێی بێبەش دەبێت بریتیە لە خۆپاڵاوتن لە ئەنجومەنی یاسادانان یان کارگێڕی یان شارەوانی یان ژووری بازرگانی یان پیشەسازی یاخود سەندیکا پیشەییەکان[1].

وە بڕگەی دووەمی مادە (602) ی یاسای بازرگانی عێراقی هەموارکراوەتەوە بەپێی بڕیاری ژمارە (78)ی ساڵی 2004 بەم جۆرە : (دەکرێ ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون بناغەیەك بێت بۆ پاساوهێنانەوە بە کۆتایی هێنان بە هەر مامەڵەیەك یاخود کاروبارێك کەوا تێیدا مامەڵەکردن لەگەڵ کەسی مایەپوچبوو لەسەر بنەمای دەستپاکی و بوێریەکەی)[2].

وە لە بڕگەی یەك لە مادە (720)ی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (149)ی ساڵی 1970دا هاتووە: (ئەگەر هاتوو مایەپوچبوونی کۆمپانیا ڕاگەیەندرا ئەوا ئەرکە مایەپوچبوونی سەرجەم هاوئەرکەکانی ڕابگەیندرێت. ئەو ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونە ئەو هاوئەرکەش دەگرێتەوە کەوا لە کۆمپانیا دەرچووە لەدوای وەستانی لە پێدان بە مەرجێك دەرچوونی لە کۆمپانیا لە تۆماری بازرگانی ساڵێکی بەسەردانەچووبێت[3].

**سێیەم: قەدەغە دەکرێت لە بەڕێوەبردنی سامانەکەی و هەڵس و کەوت پێکردنی:** لە مادە (603) لە یاسای بازرگانی عێراقیدا هاتووە کە : (کەسی مایەپوچبوو بە تەنها بە دەرچوونی حوکمی ڕاگەیاندنی

---

(1) – ازاد أکرم مجید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 56.

(2)– یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (149)ی ساڵی (1970) ی هەڵوەشاوە.

(3)– بڕیاری دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی لەبارەی بەرەوپێشبردنی ڕێوشوێنەکانی دادگاییکردنی پەیوەست بە ناکۆکیەکانی قەرز ژمارە (78)ی ساڵی 2004 .

مایەپوچبوونەکەی قەدەغە دەکرێت لە بەڕێوەبردنی سامانەکەی و هەڵس و کەوت پێکردنی. وە ئەو هەڵس و کەوتانەی کەوا کردویەتی لە ڕۆژی دەرچوونی حوکمی مایەپوچبوون وا دادەنرێت لەدوای دەرچوونی بووە[1].

## لقی دووەم

## شوێنەوارەکانی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون سەبارەت بە خاوەن قەرزی کەسی مایەپوچبوو

لە بڕگە (1)ی مادە (620) لە یاسای بازرگانیدا هاتووە کە : (لە ئەنجامی دەرچوونی حوکمی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون داوا تاکیەکان دەوەستێندرێن کەوا دەرهەق بە کەسی مایەپوچبوو بەرزکراوەتەوە لەلایەن خاوەن قەرزە ئاسایییەکان یاخود خاوەن مافە ئیمتیازە گشتیەکان). بەڵام لە بڕگە (2)ی هەمان مادە هاتووە : (بۆ ئەو خاوەن قەرزانە نیە کەوا ئاماژەیان پێکراوە لە بڕگەی پێشوو ڕێوشوێنی جێبەجێکردن لەسەر سامانی کەسی مایەپوچبوو بگیرێتەبەر وە ناکرێ ڕێوشوێنەکان تەواوبکرێن پێش دەرچوونی حوکمی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون ....)[2].

لەو دوو دەقە ڕوون دەبێتەوە کەوا یاسادانەری عێراقی دادگای پابەندکردووە لەدوای دەرچوونی حوکمی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون، داوا تاکیەکان ڕابگیرێن لەلایەن خاوەن قەرزە ئاسایییەکان، یاخود ئەو خاوەن قەرزانەی کەوا مافی ئیمتیازی گشتیان هەیە لەلایەك، وە لەلایەکی تر ڕێگری کرد لە خاوەن قەرزەکان لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی تاکی لەدوای دەرچوونی حوکمی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون لەلایەکی تر. لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێ بڵێین ئەو هۆکارەی کەوا وای لە یاسادانەر کردووە ئەم کارە بکات، وە بەپێی ئەوەی لەسەرەوە هاتووە، مەبەستەکە بۆ ئەوەیە کە سەرجەم ئەو داوایانە یەك بخرێن کەوا بەرزکراوەتەوە بۆسەر کەسی مایەپوچبوو لەلایەن خاوەن قەرزەکان. هەروەها ملکەچ بوون بۆ ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی بەکۆمەڵ نەوەك تاکی. ئەمەش واتا دروستکردنی ئەوەی پێی دەگوترێت (کۆمەڵەی خاوەن قەرزان) بەهێزی یاسا، وە

(1) – یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (149)ی ساڵی (1970) ی هەڵوەشاوە.

(2) – یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (149)ی ساڵی (1970) ی هەڵوەشاوە.

سەرجەم خاوەن قەرزە ئاسایی و خاوەن ئیمتیازە گشتیەکان دێنەپاڵی وە کەسایەتیەکی مەعنەوی دەبێت، وە ئەمینی پایەپوچبوون نوێنەرایەتیان دەکات[1].

هەروەها حوکم دەرچوون بە ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگانی قەرزار سەرجەم کاتی دانەوەی ئەو قەرزانەی لـە ئەستۆی بازرگانی مایەپوچبووە دەوەستێ، بەو جۆرەش ئەو قەرزانە دەبنە دەم و دەست. بە مانایەکی تر ئەو قەرزانەی لـە ئەستۆی بازرگانی مایەپوچبووە کاتی دانەوەی دێت بە تەنها بە دەرچوونی حوکمی دادوەر بە ڕاگەیاندنی مایەپوچبوونی بازرگان بەبێ لـەبەرچاوگرتنی سروشتی ئەو قەرزانە چ بازرگانی بێت یاخود شارستانی یان ئاسایی بێت یان ناوەڕۆکەکەی بە ئیمتیازی گشتی یان تایبەت کرابێت. هەروەها وەستانی کاتی دانەوەی قەرزەکان سەرجەم کات دانانەکان دەگرێتەوە بۆ دانەوەی قەرزەکان چ کاتدانانەکە بە ڕێککەوتن بووبێت وەك ئەو کاتدانانەی دوو کەس لـەسەری ڕێکدەکەون وەك ڕێککەوتنی کڕیار و فرۆشیار بە دواخستنی پێدانی نرخ بۆ کاتێکی دیاریکراو[2].

---

(1) – عبدالجبار علی محمد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 17.

(2) – ازاد أکرم مجید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 79.

## کۆتایی

لەکۆتایی توێژسنەوەکەمان دەمانەوێت بەم جۆرەی خوارەوە دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانمان بخەینە ڕوو:

### دەرئەنجامەکان

1- مایەپوچبوون ئامرازێکی تایبەتە بۆ جێبەجێکردن لەسەر قەرزە بازرگانیەکان کەوا دەکرێ لەڕێگەیەوە سامانی ئەو بازرگانە پاکتاو بکرێت کەوا وەستاوە لە داناوەی قەرزە بازرگانیەکانی بە پاکتاوکردنێکی بە کۆمەڵ بە مەبەستی دابەشکردنی ئەو سامانەی هەیە بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر خاوەن قەرزەکان.

2- مەرجە ئەو بازرگانەی مایەپوچبوونی ڕادەگەیەنێت خاوەن ئەهلیەی بازرگانی بێت، وە ناکرێت مایەپوچبوونی ناکام ڕابگەیەندرێت ئەگەر هاتوو ڕێگەپێدراو نەبوو بە ئەنجامدانی کاری بازرگانی.

3- یاسادانەری عێراقی دادگای پابەندکردووە لەدوای دەرچوونی حوکمی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون، داوا تاکیەکان ڕابگیرێن لەلایەن خاوەن قەرزە ئاساییەکان، یاخود ئەو خاوەن قەرزانەی کەوا مافی ئیمتیازی گشتیان هەیە لەلایەك، وە لەلایەکی تر ڕێگری کرد لە خاوەن قەرزەکان لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی تاکی لەدوای دەرچوونی حوکمی ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون لەلایەکی تر.

# ڕاسپاردەکان

1- خوازیارین کەوا یاسادانەری عێراقی کاربکات بۆ دارِشتنی یاسایەکی تازە بە مایەپوچبوون، کەوا لە ڕێگەیەوە بنەماکانی مایەپوچبوون لە یاسای عێراقی زیندوو بکرێتەوە و کاری پێبکرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی گرەنتی کردنی دڵنیایی بازرگانی.

2- تێکچوونی باری دارایی بازرگانی بکرێتە بنچینە بۆ ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون نەك تەنها وەستان لە دانەوەی قەرزەکان.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبەکان:


1- أحمد محمود خليل، الافلاس التجاري والأعسار المدني، منشآة المعارف، الأسكندرية، 1987.

2- د. ئادەم وهيب نەداوی، دادبینییە شارستانیەکان، و. عبدالصمد محمد خەیلانی، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2012.

3- د.باسم محمد صالح، القانون التجاري، القسم الأول، المكتبة القانونية، بغداد، بدون سنة نشر.

4- د.زياد صبحي ذياب، إفلاس الشركات في الفقه الإسلامي والقانون، دار النفائس للنشر والتوزيع، الأردن، 2010.

5- د.سردار عزيز خوشناو، قانون العقوبات العراقي، مؤشر فيه جميع التعديلات النافذة في اقليم كوردستان، اربيل، 2011.

6- د.سلمان بوذياب، الموجز في مبادىء ومواضيع قانون الاعمال، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان، 2002.

7- د.صلاح الدين الناهي، الوسيط في شرح القانون التجاري العراقي، الجزء الأول، الطبعة الثالثة، بغداد، 1953.

8- د.عاطف محمد الفقي، الافلاس، دار النهضة العربية، القاهرة، 2008.

9- د.عزيز العكيلى، أحكام الإفلاس والصلح الواقي، مكتبة دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، الأردن، 1996.

10- د.مصطفى كمال طه، أساسيات القانون التجاري، الطبعة الأولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، 2006.

11- د. ناديه فضيل، الإفلاس والتسوية القضائية في القانون الجزائري، الطبعة الثانية، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، بێ ساڵی بلاوکردنەوە.

**دووەم: توێژینەوە و تێزە ئەکادیمییەکان:**

1- د. خالد عبدالعزيز الرويس، طبيعة الافلاس وشروط الحكم به، بحث منشور في مجلة البحوث القانونية والاقتصادية، السعودية، بێ ساڵی بلاوکردنەوە.

2- عبدالجبار علي محمد، إشهار إفلاس الشركة وآثاره القانونية في القانون العراقي، بحث منشور في مجلة كلية التراث الجامعة، العدد العاشر، العراق، بێ ساڵی بلاوکردنەوە.

3- عمر موسى أحمد الشبول، آثار الافلاس على حقوق الدائنين، رسالة ماجستير، كلية الحقوق، قسم القانون الخاص، جامعة الشرق الأوسط، 2015.

4- نوال برنوس، شروط افلاس شركات الأشخاص والآثار المترتبه عنه فى القانون الجزائري، رساله ماجستير، جامعه الجزائر، كليه الحقوق، الجزائر، 2013.

**سێیەم: یاساکان:**

1. یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969.
2. یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (30)ی ساڵی 1984.
3. یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (149)ی ساڵی 1970ی هەڵوەشاوە.
4. یاسای بازرگانی میسری ژمارە (17)ی ساڵی 1999.